# یەکگرتوو جیابێ یان نا هەربەشێکە لە لیستە کوردستانیەکان ... دانامستەفا

دابەزینی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە لیستێکی جیاولەدەرەوی لیستی هاوپەیمانی کوردستان کەم و زۆر دەنگ دانەوەیەکی گەورەی لای خەڵك درووست کرد، ، تەنانەت زۆر لەبەرپرسە حزبێکانیش ئەم هەڵوێستەی یەکگرتوویان بە نا ئیجابیانە لەقەلە َم دا..
پێش هەر شتێك یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وەکو هەر لایەنێکی سیاسی تری کوردستان خاوەنی سەربەخۆیی و سیادەی خۆیەتی، ، ئەم حزبە مافی خۆیەتی چۆن چۆنی لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری ئەکات بۆیە خستنە پاڵی هەندێ سیفەتی وەك دوور کەوتنەوە لە کوردایەتی و کورسی چێتی نەك هەر لەجێی خۆیا نیە بەڵکو دەست درێژیشە بۆ سەر ئازادیە دیموکرایەتیەکان، ، چونکە ئەگەر وا بێت کە ئێمە ئەمانەوێت، یەکگرتوو ئەوە بکات کە ئێمە مەبەستمانە ئیدی بوونی ئەو بۆچی؟؟؟
بەشداری کردنی یەکگرتووش بە لیستێکی جیاواز مانای ئەوە نیە یەکگرتوو خۆی لە لیستی کوردی جیا کردبێتەوە، یەکگرتوو حزبێکی کوردیە و لە هەمان ئەوکۆمەڵگایەدا لەدایك بووە کە یەکێتی و پارتی و حزبەکانی تری تیا لە دایك بووە... یەکگرتووی ئیسلامی هەرچەندێك دەنگ بە دەست بێنێت بەشێك ئەبێت لە لیستی کێشەوخواستەکانی کورد، ، بۆیە هەڵە َیە تاوان و قسەی نابەجێ بخرێتە پاڵ میان ڕەوترین پارتی کوردستانی کە لەسەر ئەرزی واقیع خاوەنی جەماوەرێکی زۆرە لە کوردستانداو سێیەم حزبی کوردستانیە نەك هەر ئەوە بەڵکو ئەبێت خەڵکێکی زیاتر دەنگی بداتێ لە پێناوی بەرەورووو بوونەوەی ئەوهەموو گەندەڵی و فەسادیەی ئێستا هەیە، ، ئیدی بۆ ئەبێت کە حزبێکی کوردستانی ئیسلامی بێ یان عەلمانی کە تەعبیر لە هەڵوێستی سیاسی خۆی بکات بە لە کوردایەتی دەرچوون وخیانەت کردن لێك بدرێتەوە؟؟
ئێمە هەموو بینیمان هەڵبژاردنی پێشوو کۆمەڵی ئیسلامی بە جیاش بوو بەڵام دواجار هەر بەشێك بوو لە لیستی کوردستانی لە بەغداو شان بەشانی ئەوان لە کارکردندا بوون بۆ چەسپاندنی مافەکانی کورد..
باشترە ئێمە لەبری ئەوەی لێپچینەوە لەگەڵ یەکگرتوودا بکەین لەسەر ئەوەی بە لیستێکی جیاواز دا ئەبەزێ، بێین سەرکۆنەی یەکێتی و پارتی بکەین، بزانین بۆ ئیدارەکانیان نەکردەوە بەیەك؟؟؟